# دەستەبژێرو دەستەبژێرگەرایی

**ناوی کتێب: دەستەبژێرو دەستەبژێرگەرایی**

**ناوی نووسەر: جیۆڤانی بۆزینۆ**

**و: یاسین عومەر**

**ساڵی چاپ:** 1992

وێڕای ئەوەی کەئێمە و سەرجەم وڵاتە دواکەوتووەکان پێداویستی زۆرمان بەلێکۆڵینەوەی ئەرکەکانی دەستەبژێر (نخبە) و چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەستەبژێری نوێ هەیە، بەتایبەتی بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەئاقاری ژیارو شارستانیەتی نوێدا کەچی جگە لەچەردەیەکی کەم لەلێکۆڵینەوەی زانستی لەمبارەیەوە هیچ شتێکی تری وا لەئارادا نیە، لەجێی لێکۆڵینەوەی قوڵ‌و زانستی، تۆڕێك لەئامۆژگاری‌و پەندو وتار لەمەڕ نوێکردنەوەو نوێگەری قوت کراونەتەوە، لەولایشەوە کتێبخانەکانی خۆرئاوا سەبارەت بەپەرەسەندنی تیۆرەی دەستەبژێرگەرایی (نخبویە)و کۆمەڵناسیی مەیدانی سەبارەت بەدەستەبژێرو توێژە جیاوازەکانی‌و پەیکەرەی دەستەبژێرو میکانیزمی کارکردنی پڕن لەکتێب‌و لێکۆڵینەوە.

دوایین نوسراوێك کەبەدەستمان گەیشتووە کتێبی (دەستەبژێرو دەستە بژێرگەرایی)یە، کە لەنوسینی (جیوڤانی بوزینو)یەو ساڵی 1992 لەدوو توێی کتێبێکی (137) لاپەڕەییدا، زنجیرەی لێکۆڵینەوەی (چی دەزانم) بۆی بەچاپ گەیاندووە.

کتێبەکە هەردوو کایەی تیۆری‌و پراکتیکی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە. نوسەر لەبەشی یەکەم‌و دووهەمی کتێبەکەدا لەڕیشەی زمانەوانیانەی وشەی دەستەبژێر دەکۆڵێتەوە، بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئولیگارشیدا دەگەڕێتەوە بۆ بودان‌و جان جاك ڕۆسۆ، پاشان بۆ (تین‌و مراگلیاو داریونیزمی کۆمەڵایەتی) لەکاتی دەسەڵاتدارێتی ئەرەستۆکراتەکاندا ئینجا دێت‌و تێڕوانین‌و بۆچوونی ڕابەرانی دەستەبژێرگەرایی دەخاتەڕوو، بۆ نمونە بیردۆزەکانی فرەیدریك لوبلای لەدیاریکردنی چوار کارە چاکە بنەڕەتیەکەو سێ کارە چاکە خواییەکەی چینە هەڵبژاردەکان دەخاتەڕوو، پێیوایە بەختەوەری میللەتان‌و سەرفیرازییان پەیوەستە بەوەوە کە چینی سیاسیەکان چەندە ئازاو دادپەروەرو داناو بێ خەوش‌و خۆشەویست‌و گەشبین‌و بڕوادارو ورەبەرزن، هەروەها هەڵدەستێ بەخستنەڕووی بیردۆزو بیروڕاکانی جیتانوموسکا سەبارەت بەجیاکردنەوەی پێڕەوی ئەرەستۆکراتی کە دەبێتە مایەی ئەوەی چینی دەسەڵاتدار فەرمانڕەوایی بکات بەڵام بێ بەش لەسیفەتی نوێنەرایەتی کردن. لەپێڕەوی دیموکراسیشدا کە چینی فەرمانڕەوای خاوەن بەرژەوەندی ئارەزوو و بەرژوەندییەکانی خۆی کردۆتە چاوساغی‌و خۆی بەوان سپاردووە، بەڵام لەسیفەتی نوێنەرایەتی کردن‌و تێکەڵ بوون‌و کارلەیەککردن لەگەڵ جەماوەردا بەهرەمەندە، هەر

بەوەش لەفەرمانڕەوایی ئەرستۆکراتی جیادەکرێتەوە.

ئینجا توێژینەوەکانی (ویلفرید باریتو) کەلێکۆڵینەوەی ئەو یاسایانەن کە لە سەرهەڵدانی کەمایەتیە سەرکردەییەکاندا ڕۆڵی بینیوەو هۆکاری مانەوەو بەردەوامییان دەخاتەڕوو، لەلایەکی تریشەوە باس لەو قۆناغە دەکات کە چۆن ئەرەستۆکراتەکان نەك هەر لەڕووی ژمارەوە کەم دەکەن، بەڵکە لەڕووی چۆنایەتیشەوە بۆگەن دەبن، ئەویش بەهۆی لەدەستدانی ئەو خەسڵەتە سروشتییانەی کە ڕێگاخۆشکەرو زەمینەسازکەرن بۆ فەرمانڕەوایەتی. هەروەها باسی لەدایکبوونی ئەو شۆڕشانە دەکات کەچۆن لەقۆناغی دەستەبژێردا بەخاوی دەست پێدەکەن‌و گۆڕانی لەسەر خۆو پلە بەپلە لەپێکهاتەی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا دروست دەکەن، ئەویش بەلابردنی ئەو توخمانەی کەتوانا و لێهاتووی خۆیان لەدەستداوەو پاشان جێگرتنەوەیان بەکەسانی بەتواناو سەرکەوتوو لەچینەکانی خوارەوە.

پاشان لەکۆتایی بەشی دووهەمدا باس لە (روبرتو میشال) دەکات کە چۆن بەو ئاکامە گەیشتووە کە ڕێکخستن سەرچاوەی هەموو کۆنترۆڵێکە، دیموکراتیەتیش هەوڵ بۆ فراوانکردنی ڕەخنەو چاودێری کردن دەدات، هەرچەندە زەمینەسازکەرە بۆ دروستبوونی ئەو حزبانەیش کە کەمایەتییەك ڕێبەرایەتییان دەکات، بەڵام هەر ئەمە خۆی جارێکی تر دەبێتە هۆی خنکاندنی بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسی.

لەبەشی سێهەمیشدا نوسەر باس لەتێڕوانین‌و بۆچوونی دەستەبژێرگەراکان دەکات بۆ چەمکی دیموکراتی، لە (کارل مانهایم)ەوە دەست پێ دەکات کە پێیوایە (هیچ دژایەتیەك لەنێوان دیموکراتیزم‌و دەستەبژێرگەراییدا نیە) مانهایم لەو باوەڕەدایە دروستبوونی دەستەبژێر بەزەحمەت‌و زۆر لەلایەن کۆمەڵی مەحکومەوە پێکدێت، هەروەها ئەرکی سەرشانی دەستەبژێر لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەئاقاری دروستکردنی شێوازێکی نوێ بۆ ژیان ڕێ دەکات کە بەها کۆمەڵایەتیە چەسپاوەکانی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکەن، ئەمەش لەئەرکی دەستەبژێری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان جیای دەکاتەوە کە کۆمەڵە دەستەبژێرییەکان ناتوانن سەقامگیریی کۆمەڵگە مسۆگەر بکەن. ئینجا دێتە سەرباسی بیردۆزەکانی جۆزیف شومپیتر کە پێیوایە دیموکراتیزەکردن دەسەڵاتی گەل نیە، بەڵکو دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵە دەستەبژێرە کێبەرکێکارانەیە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی سەرۆکایەتی‌و پێکەوەبوونی دوانەی دیموکراتیزم‌و سەرمایەداری کەبەوە جیادەکرێنەوە چینێکی نوێگەرو پێشڕەوو سەرکێشن، لەدەستدانی ئەم سیفەتانەش قەیرانی چارەهەڵنەگری قوڵی بۆ دروست دەکات، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سۆسیالیزم بکاتە کارێکی لەچارنەهاتوو.

هەر لەم بەشەدا بیروڕاکانی جیمس برینهام ڕوون دەکاتەوە کە لەلای وایە دەستەبژێری دەسەڵات لەچاخەکانی ناوەڕاستەوە دروست بووەو لەهەناوی چینی بورژوازی سەرمایەدارەوە داکەوتووە، بەڵام گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان چینێکی نوێیان هێناوەتەئاراوە کە بەڕێوەبەرو تەکنوکراتەکانن. کەئەمە بۆ خۆی هاتنی سۆسیالیزم‌و دورتر دەخاتەوە لەبەرئەوەی پرۆلیتاریا نەیتوانی هێزو توانای خۆی بۆ

کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بسەپێنێ وەك چۆن بورژوازی لەسایەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا سەلماندی.

بەشی چوارەمیشی تەرخان کردوە بۆ دەستەبژێرگەراکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە باسەکانیان زۆرتر بەدەوری چۆنیەتی پێکهاتنی هەرەمی دەسەڵاتدا تەوەرەی بەستووە، بە هەڵوێستی بەرپرسیارانەی هارۆلد لاسریل سەبارەت بەفۆرمی دەسەڵاتو مەرجەکانی پیادەکردنی دەسەڵات دەست پێ دەکات کە چۆن لە وەڵامی چەند پرسیارێکی جوتەکی دەربارەی شێوەی دەسەڵاتو مەرجەکانی ممارەسەکردنی دەسەڵات پێیوایە کە دەستەبژێرو جەماوەر هەمیشە لەدۆخی بزاوتندانو ناوەستن، لەبەرئەوەی ئەوان خۆیان ئاکامی جوڵەی بەردەوامی کۆمەڵگەن کەبەشداریو خۆتێهەڵقورتاندنی توێژە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانی تر تێرو تەسەلی دەکات. هەروەها دیزد ریسمنان وای بۆ دەچێت کەکۆمەڵگە کۆنەکان دەسەڵاتی خێزانیان بەتەواوی بەسەر تاکدا سەپاندبوو.

پاشان شۆرشی پیشەسازی هۆکاری نوێی بۆ ململانێی نێوان موڵکدارەکانو بەرهەم هێنەرەکاندا خوڵقاند. بەم شێوەیە تاك بوو بەتەوەری چالاکیو



بەهاکان. لەگەڵ گواستنەوەش بۆ کۆمەڵگەی ئیستهلاکی تاك هیچ نرخێکی بۆ خۆی دانەئەنا، بەڵکو سەرتاپا بوو بەپاشڕەوێکی بێ ئیرادە بەدوای کلکی کۆمەڵگەوەو بووەهۆی گۆرانکاری لە ریشەی پێکهاتی دەسەڵاتدا کەلەدەستی کۆمەڵە دژ بەیەکەکاندا قۆرخ بوو بوو، وەك چۆن بریارە گشتییەکان لەئاکامی پێکهاتنی ئەم کۆمەڵە دژ بەیەکانەوە دەردەچوو.

بەڵام بەبۆچوونی (س، رایت میلدز) دەستەبژێر لەهەناوی سروشتی کۆمەڵگەی هاوچەرخو گۆرانکاری ریشەیی ئەم کۆمەڵگەیەوە دەست پێ دەکات کە گومان شوێنی دڵنیایی دەگرێتەوە کە چۆن لە ماوەی دوو سەدەی پێشوتردا لەهەموو بوارو کایەو مەوداکانی ژیاندا بڵاوبوبوەوەو باڵی کێشابوو، کە ئەمرۆ ئەوەندە پشت بەشێمانە ماتماتیکیەکانی دامەزراوەکان دەبەستن پێویست بەسەلماندن ناکەن.

ئەویش دامەزراوەکان بۆ سێ ئاستی جیاجیا لەیەك دابەش دەکات. (یەکەم دەستەبژێری دەسەڵات کەئەمانیش سێ توێژاڵ دەگرنەوە کەبریتین لەئابوریناسانو سیاسەتمەدارانو پیاوە سەربازییەکان، کەبەردەوام لەرەوشی هاوپەیمانێتیدانو بریارە گرنگەکان دەردەکەنو خۆشیان جێبەجێی دەکەن)، (دوهەم دەستەش بریتین لەو کۆمەڵانەی بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەکەو هەریەکەیان بەرامبەرکێی ئەوی تریان دەکەن)، (سێهەم توێژیش چینەکانی خوارەوەن کە لەرووی سیاسیەوە بنکە کۆمەڵایەتییەکەیان پارچەپارچەیە، ئەم بەشە بەرەخنەگرتنی هەریەك لەتالکوت بارسونو روبرت دایل لەوتەکانی میلز دەربارەی دەستەبژێری دەسەڵات وەکو کۆمەڵێکی دیارو بەرجەستە کە لەکۆمەڵگەی دژ

بەیەك لەڕووی بەرژەوەندییە پێكهاتوون دەست پێدەكات. دایل بۆ ئەم شێوازە لەدەسەڵات ناوی (بولیاریشی) لەجیاتی (دیموكراسی) بەكاردەبات. لەمەدا پێوەرێك بۆ جیاكردنەوەی كۆمەڵگە كلاسیكیەكان (كە بەوەدا دەناسرێنەوە سستن لەجوڵەدا) لەكۆمەڵگە پیشەسازییەكان كەهەڵگری پێشكەوتن و هەمەچەشنین لەسەرچاوەكانی دەسەڵات و پارچەپارچە بوونی دەدۆزێتەوە.

بەشی پێنجەمیش كورتەی ئەو لێكۆڵینەوە مەیدانیانە لەخۆدەگرێت كەفلوبید هانتر لەسەر كۆمەڵگەیەكی ناوخۆیی لە(جورنال ستی)دا تاقیكردۆتەوەو سەرئەنجام ئاشكرا بوو چینی سەرۆكایەتی بەرجەستەو هاوكارە، هەروەها ئەدوار بانفیلد لەسەر شاری شیكاگۆ تاقیكردەوە، بۆی دەركەوت دەستەبژێرەكان لەڕووبەڕووو بوونەوەكانیاندا دەگەنە ئاكامێكی ڕاستەوانە، هەروەها ڕوبرت لاندی ماركسیش بەسەر میرڵتاوندا كردی تا بیسەلمێنێ كەپەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان و ململانێی چینایەتی دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان بەرهەم دەهێنێ بەڵام ئەوانەی لە بیری ماركسی هەڵگەڕابوونەوە لەپێش هەر هەموویانەوە میلۆڤان و جیلاس، لەبارەی چینێكی نوێ یان بیرۆكراتیەتی سیاسی كەحزبی تاكانە وەكو بنكەیەكی پتەو بۆ دەسەڵاتەكەی بەكاردەهێنێت دەدوێن.

لەبەشی شەشەمدا باسێكی كورتی نیكوس بولنتزاس و پیر بۆردیوی كردوەو ناڕەزایەتی ئەوانەی لەدژی شێوازی لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی دەربارەی دەستەبژێر خستۆتەڕوو، كەدەسەڵاتی ڕاستەقینە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان دەشارێتەوە.

پاشان شیكارییەكی تیۆری دەستەبژێر لەنوسینەكانی ڕیمۆن ئارون و جیاكردنەوەكانی لەنێوان سێ توێژاڵە سەركردایەتییەكان كەبریتین لە دەستەبژێرەكان و توێژی سیاسیەكان، توێژی سەركردەكان كە لەناواخنی دەستەبژێرەكاندا پێنج كۆمەڵە دەبینێ كەبریتین لەسەركردە سیاسیەكان، بەڕێوەبەرەكان، ئابورناسەكان، سەركردە جەماوەرییەكان و سەركردە سەربازییەكان بەجیا لەهەردوو سیستەمی فرەیی و تاك حزبیدا باس دەكات.

لەبەشی حەوتەمیشدا ئەو لێكۆڵینەوە مێژووییانە باس دەكات كەدەربارەی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دەستەبژێرن لەئەوروپای نوێدا كە ڕێگەنادات بەگەیشتنە ئاكامێكی یەكگرتوو سەبارەت بەچۆنێتی سەرهەڵدانی دەستەبژێرو دروست بوونی جگە لەوەی كەدەڵێت (ئەوەی دەستەبژێر جیادەكاتەوە یان بنچینە كۆمەڵایەتییەكەیە یاخود سامانە، یان زۆرجار هەردووكیانە).

لەبەشی هەشتەمدا بەناو لێكۆڵینەوەی باسە سایكۆلۆجییە كۆمەڵایەتییەكاندا شۆڕ دەبێتەوەو ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكات كەچۆن زۆرینەی زۆری توێژەرەكان لەسەر ئەوە هاوڕان كە زیرەكی مرۆڤ بەتەنها پەیوەست نیە بەهۆكاری بۆماوەوە بەڵكو ناوەندە كۆمەڵایەتیەكەش ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە، جگە لەكەمینەیەك نەبێت كەسورن لەسەرئەوەی تەنها فاكتەری بۆماوە ڕۆڵ دەگێڕێ و سیستەمی پەروەردە هیچ ڕۆڵێ نابینێ لەگۆڕینی ئەم واقعەدا. بەڵام لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتییەكان دوو ئاڕاستە لەخۆدەگرن، لەڕووی ئەركەوە پەیوەندی و كارەكانی دەستەبژێر دەگرێتەوە، لەڕووی بونیادیشەوە



پەیوەستە بەمواسەفاتی ئینتمای دەستەبژێرەوە، واتە ئینسجام یان پارچە پارچە بوونی. لێکۆڵینەوە تازەکانیش ڕوویان کردۆتە شیکردنەوەی ڕۆڵ و نەخشی پیشە ئازادەکان لەپەیکەرەی دەستەبژێردا، وەکو پارێزگاران و پزیشکان و ئەندازیارو هونەرمەندان.

لەبەشی کۆتایشدا نوسەر ڕۆڵی دەستەبژێری لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا خستۆتەڕوو کەئاڕاستەو ڕێبازی سەرهەڵدانی جێگیرە، مەسەلەکەش تەنها لەدابەش کردنی دادپەروەرانەی دەسەلات و پاراستنی کەمایەتیەکاندا بەرتەسك دەبێتەوە. بەلام لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کارەکە سەختره، واتە کاری دروست بوونی دەستەبژێرێك کە بتوانێت ڕووبەڕوی هێزە کۆنەپەرستەکان ببێتەوەو بەرەو نوێکردنەوەی ئابوری و کۆمەلایەتی هەنگاو بنێت کارێکی قورس و گرانە، کە زۆرتر دەبێتە مایەی پەنابردنە بەر چارەسەری سەربازی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی جیاوازی و ناکۆکیە خۆییەکان لەپاش ئەمە نوسەر ڕۆڵی کۆمەلایەتی و پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەستەبژێر ئاشکرا دەکات و بەوتەکەی (ریمۆن ئارون) کەدەڵێت: (دەستەبژێری یەکگرتوو خۆی بۆ کۆتایی ئازادی ئامادە دەکات، پەرش و بلاوەکانیش ڕەنگە ببنە مایەی هەرەسهێنانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت) کۆتایی بەقسەکانی دێنێت.

ماوەتەوە بڵێین: ئەم کتێبە هەرچەندە بەقەبارە بچکۆلەیە بەلام لەخۆیدا ئینسکلۆپیدیایەکی بچوکە دەربارەی دەستەبژێرو دەستە بژێرگەرایی. نوسەر زۆر ناوی درەوشاوەی سەر بەقوتابخانە فیکریە جیاوازەکانی پشت گوێ خستووە، هێندە نەبێت شیکردنەوەیەکی جوانی (برتراندو جوفنیل)ی لەمەڕ قۆناغەکانی دەستەبژێرو دابەشبوونی بەردەوامی کۆمەڵگەکان بۆ دوو توێژ هێناوەتەوە کەدەڵێت: (زۆربەی خەڵك سەرسپاردەو ڕازییەکانن، کەمینەیەکیش ڕزگاریخوازو پێشڕەوو هەڵمەتبەرن، هاوسەنگڕاگرتنی کۆمەڵگەی نوێیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە، لەپاش لارەسەنگ بوونی هاوسەنگیە کۆنەکە).